وەزارەتی ناوخۆ

ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان

# کاریگەرییەکانی ئابلۆقەی گەشتی ئاسمانی
# لە فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان
# لەلایەن بەغدا
# لەسەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق

ژمارە (١٨)، کانوونی دووەم ٢٠١٨

## ١. گەشتی ئاسمانی لە هەرێمی کوردستان:

هەرێمی کوردستان دوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەیە: فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی. فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لەدوای ڕوخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دروست کرا؛ ئەو دەمەی هەرێم هەلی دروستکردنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بینی وەکو پردێک لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و جیهان دا.

یەکەم فڕۆکە کە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لە (١٥ی کانونی یەکەم ٢٠٠٣) نیشتەوە و هاتوچۆی ئاسمانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ دەستی پێکرد. لە ساڵی ٢٠٠٥، گەشتی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەرێم و وڵاتە ئەورووپییەکان دەستی پێکرد. هەروەها دروستکردنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٣ دەستی پێکرد و لە (٢٠ی تەمووزی ٢٠٠٥) کەوتە کار. 'هێڵی ئاسمانی عێراق' لە ساڵی ٢٠١٦دا، (٥٦،٩٠٣) گەشتی لە عێراق ئەنجام داوە کە (١٨,٩٧٨) یاخود (٣٣٪)ی لە/بۆ فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی بوون.

لە (٢٩ی ئەیلولی ٢٠١٧) حکومەتی عێراقی فیدراڵ وەکو سزا ڕاگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکانی لە/بۆ هەرێمی کوردستان سەپاند، ئەمەش بە مەبەستی دابڕینی هەرێم و داخستنی هاتوچۆی ئاسمانی و گەشتی نێودەوڵەتی لە کوردستان، وەکو وەڵامێک بۆ دەنگدانی هاوڵاتیانی کوردستان بە سەربەخۆیی لە پرۆسەی ڕیفراندۆمی ٢٥ی ئەیلول دا.

فڕۆکەخانەکان بە هۆکاری یاریدەدەری سەرەکی دادەنرێن بۆ چالاکی دارایی لە هەر ناوچەیەکدا، لەبەرئەوە داخستنی گەشتی ئاسمانی لە/بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی کاریگەری و زیانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەیە. ئاشکرایە کە کاریگەری زۆر بە تایبەت دەکەوێتە سەر ئاژانسەکانی حکومەت، گەشتیاران، دابینکەرانی خزمەتگوزاری و بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکان؛ نەک تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە سەرتاسەری عێراقیشدا. گەشتیارەکان، هێڵە ئاسمانییەکان، کۆمپانیاکانی بار، ئاژانسەکانی گەشتوگوزار و دابینکەر و بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری تر ناچار بوون یا کار و پلانەکانیان دوابخەن یاخود چارەسەری زۆر گرانتر و بێ ئاکام و مەترسیدار هەڵبژێرن. سەرەڕای ئەوەش، داخستنی فڕۆکەخانەکان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و گەورەی هەیە لەسەر گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان بۆ هەزاران ئاوارەی ناوخۆی عێراق و پەنابەری سووری لە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی دەوروبەر، کە بەردەوام پێویستییان بە هاوکاری خێرا هەیە. ئەمڕۆ ڕێکخراوە مرۆییەکان و کارمەندەکانیان ناچارن کەلوپەلە مرۆییەکان بە ڕێگای نا سەلامەت بگوازنەوە کە لە ئاست و کاتی هاوکارییە مرۆییەکە کەم دەکاتەوە بەهۆی دووری ڕێگاکانەوە.

## ٢. پوختەی ئاماری کاریگەرییەکان:

ئەم خشتەیەی خوارە ژمارەی گەشتە هەفتانەکان لە/بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر پێش و دوای داخستنیان دەخاتە ڕوو:

| هێڵی ئاسمانی | ژمارەی گەشتەکان پێش داخستن | ژمارەی گەشتەکان دوای داخستن |
|---|---|---|
| ئۆستریان | ٧ | ٠ |
| لوفتانزا | ٢ | ٠ |
| هێڵی ئاسمانی تورکی | ١٨ | ٠ |
| هێڵی ئاسمانی قەتەری | ١٠ | ٠ |
| پێگاسۆس | ٩ | ٠ |
| ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | ٧ | ٠ |
| ئەڵمانی | ٣ | ٠ |
| فلای دوبەی | ٧ | ٠ |
| ڕۆیاڵ ئوردن | ٩ | ٠ |
| هێڵی ئاسمانی میسر | ٤ | ٠ |
| هێڵی ئاسمانی مەهان | ٤ | ٠ |
| عەرەبییە | ٣ | ٠ |
| عەرەبی ئوردنی | ٢ | ٠ |
| زاگرۆس | ١٤ | ٠ |
| بۆرا جێت | ٥ | ٠ |
| کۆمپانیای نەسیر | ٣ | ٠ |
| ئەتڵەس گڵۆباڵ | ١١ | ٠ |
| فلای بەغدا | ١٤ | تەنها (٢٠)گەشتی ناوخۆیی |
| هێڵی ئاسمانی عێراق | ٣١ | تەنها (٢٢)گەشتی ناوخۆیی |
| گشتی | ١٣٦ | تەنها (٤٢)گەشتی ناوخۆیی |

**خشتەی خوارەوە بریتیە لە ژمارەی گەشتەکان ، گەشتی هێنانی بار و گەشتی نێودەوڵەتی بۆ/لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی پێش و پاش گەمارۆکان:**

| ژمارەی گەشتەکان لە هەر مانگێک | ژمارەی گەشتی ئاسایی | ژمارەی گەیشتنی گەشتی بار | هێڵی فڕۆکەوانی | لە پاش ٢٩ ی ئەیلولی ٢٠١٧ |
|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | ٣٠٩ | ٦١ | هێڵی ئاسمانی عێراق | بەردەوامە |
| شوبات | ٢٨٢ | ٥٥ | هێڵی ئاسمانی ئەتڵەس گڵۆباڵ | هیچ گەشتێک نەبووە |
| مارس | ٣١١ | ٦٦ | فلای ئەڵمانی | هیچ گەشتێک نەبووە |
| نیسان | ٣٠١ | ٧٣ | فلای بەغدا | هیچ گەشتێک نەبووە |
| مایس | ٣٠٤ | ٤١ | فلای داماس | هیچ گەشتێک نەبووە |
| حوزەیران | ٣١٩ | ٣٨ | کۆمپانیای نەسیر | هیچ گەشتێک نەبووە |
| تەمووز | ٣٤٩ | ٥٢ | ڕۆیاڵ ئوردنی | هیچ گەشتێک نەبووە |
| ئاب | ٣٦٠ | ٧٤ | هێڵی ئاسمانی تورکی | هیچ گەشتێک نەبووە |
| ئەیلول | ٣٣٠ | ٧٠ | هێڵی ئاسمانی ئێرانی | هیچ گەشتێک نەبووە |
| تشرینی یەکەم | ١٤١ | ٠ | هێڵی ئاسمانی قەتەر | هیچ گەشتێک نەبووە |
| تشرینی دووەم | ١١٩ | ٠ | هێڵی ئاسمانی پێگاسۆس | هیچ گەشتێک نەبووە |

## ٣. کاریگەری ئابوری و بازرگانی:

تاکو کانونی یەکەمی ٢٠١٧، هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر نەکراوە تاکو چەندێتی و چۆنیەتی کاریگەرییە ئابوریەکان دیاری بکات بەهۆی ڕاگرتنی گەشتی نێودەوڵەتی لە هەردوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی. لەگەڵ ئەوەش دا، ئامارێکی شیکاریی وێنایەکی خێرا لەسەر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئابوریی و بازرگانیی ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان دەخاتە روو بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. لە ساڵی ٢٠١٤ وە، هەرێمی کوردستان رووبەرووی قەیرانی دارایی بووە وە داخستنی گەشتە نێودەڵەتیەکان قەیرانەکەی قوڵتر کردەوە. بۆ نموونە پێش ڕاگرتنەکە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ڕۆژانە لە نێوان ٥٠ بۆ ٦٠ گەشتی ئاسمانی (نزیکەی ٥،٠٠٠ بۆ ٥،٥٠٠ گەشتیار) تێدا ئەنجام دەدرا، کە داهاتێکی گەورە بوو بۆ بەرەوپێش بردنی ئابووری و بازرگانیی هەرێم.

٢. ڕاگرتنی گەشتە نێودەوڵەتیەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر بازرگانی کردن و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان. وە هەروەها کاری کردە سەر جوڵەی بازاڕ و نرخەکان، لە ئەنجامیشدا لەسەر تاکەکان و خێزانەکان و کەرتی تایبەت و گشتیش. ڕێگاوبان و گواستنەوە لە هەرێم دا زیانی پێگەیشتووە و بەشی ئەنجامدانی کار و چالاکییە بازرگانی و پیشەسازییەکان ناکات، لەبەرئەوە ڕاگرتنی هاتنی بار لە سنوورەکان دەرەنجامی درێژخایەنی لەسەر ئابووری هەرێم هەیە. لەم ماوەیەدا هاتنی گەشتی باری کەلوپەل بە هەموو شێوەیێک نەماوە، ئەمە لە کاتێکدا پێش گەمارۆکان ڕێژەی هاتنی بار مانگانە لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر (٢،٥٠٠) تەن بووە و ئێستا دابەزیوە بۆ کەمتر لە (١٠) تەن، و لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی پێشتر (٥٥٠) تەن بوو ئێستا بووە بە نزیکە سفر پاش ڕاگرتنەکان. بازرگانەکان ناتوانن بە ئاسانی کاڵا بهێنن و بنێرن لەبەر ئەوەی پێویستە بڕە پارەیێکی زۆر زیاتر خەرج بکەن بۆ بەدەستگەیشتنی بارەکانیان بە ڕێگەی جێگرەوەی تر.

ئەم خشتەیەی خوارەوە باری مانگانەی هاتوو بە ڕێگای فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر پیشان دەدات پێش و پاش ڕاگرتنی گەشتەکان:

| کۆمپانیاکانی هێنانی بار لە فرۆکەخانەی هەولێر | ڕێژەی خەمڵێندراوی باری مانگانە (پێش ڕاگرتنی گەشتەکان) | ڕێژەی بار مانگانە (پاش ڕاگرتنی گەشتەکان) |
|---|---|---|
| DHL | ٥٤٦ | ١ |
| TNT | ٢٩١ | ٠ |
| لۆجیستیکی زاراوە | ١٦٣ | ٠ |
| SKA کوردستان | ٢٢٧ | ٠ |
| هێڵی ئاسمانی ستار لایت | ٦٢٢ | ٣ |
| مەتین ئێکسپرێس | ٤٣١ | ٦ |
| فێدئێکس | ٨٨ | ٠ |
| کارگۆی ئاراستەی عێراق | ١٣٢ | ٠ |
| کۆی گشتی | **٢،٥٠٠ تۆن** | ١٠ تۆن |

٣. دوای گەمارۆی سەر فرۆکەخانەکان ڕێژەی گەشتیاران بە شێوەیێکی زۆر بەرچاو دابەزیوە. ژمارەی گەشتیاران بە ڕێژەی ٧٢٪ لە (١٥٩،٢٣٧) کەس لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ وە دابەزیوە بۆ (٤٤،٥٠٤) کەس لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٧. وە لە تشرینی دووەمدا بە ڕێژەی ٦٤٪ دابەزیووە؛ لە (١٢٩،٧٩٣) کەسەوە لە ٢٠١٦ دا بۆ تەنها (٤٧،٣٨٤) کەس لەدوای قەدەغەکردنی گەشتی نێودەوڵەتی. بە شێوەیێکی گشتی، ژمارەی گەشیاران بە نزیکەی (١،٥٠٠) کەسەوە دابەزی بۆ (٣٥٠) کەس لە ڕۆژێکدا.

٤. پاش گەمارۆ خستنە سەر گەشتە نێودەوڵەتیەکان، تێچووی گەشت کردن بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە بۆ گەشتیاری ناوخۆیی و ئەو گەشتیارە بیانییانەی لە هەرێم کار دەکەن.  خەڵک ناچارن بڕە پارە و کاتێکی زۆر زیاتر خەرج بکات بە مەبەستی ئەنجامدانی گەشت لەبەر ئەوەی پێویستە لە پێشدا  گەشت بۆ بەغدا بکەن و هەر لە ڕێگەی بەغداوەش بگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان و بلیتێکی تری دوو سەر(چوون و هاتنەوە) بکڕن کە لە هەولێر  بۆ بەغدا ئینجا لەوێوە بڕۆن بۆ دەرەوە یاخوود بگەڕێنەوە بۆ  عێراق.

٥. زیانی ئابووری بەرچاو بە هێڵە ئاسمانیەکان و کۆمپانیا گەشتیارییەکانەوە دیارە. نزیکەی (٤،٠٠٠) کۆمپانیای گەشتیاری ڕاستەوخۆ کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەم گەمارۆیە و زۆربەیان فشاری داخستن یان کەمکردنەوەی کارەکانیان لەسەرە لەناو هەرێم دا.

ئەم خشتەیە ژمارەی ئەو کۆمپانیا گەشتیاریانە دەخاتەڕوو کە کاریگەر بوون بە گەمارۆکە؛

| شوێن | ژمارەی کۆمپانیاکانی گەشت و گوزار | کاری لەدەست چوو |
|---|---|---|
| هەولێر | ٢،٦٠٩ | ٧،٨٢٧ کەس |
| سلێمانی | ١،٣٩١ | ٤،١٧٣ کەس |
| **گشتی** | ٤،٠٠٠ | ١٢،٠٠٠ |

٦. داخستن و کەمکردنەوەی کاری کۆمپانیاکان بە خەمڵێندراوی بووەتە هۆکاری لەدەستدانی کار و سەرچاوەی بژێوی (١٢،٠٠٠) کەس،  ئەمە کاریگەرییەکی زۆر خراپی هەیە لەسەر هەزاران خێزان کە بەخێوکەری خێزانەکە کاری لەدەست داوە. ئەمەش ڕێژەی بێ کاری لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت و لە عێراق بە گشتی بەرز کردووەتەوە.

## ٤. کاریگەرییەکانی سەر چاودێری تەندروستی: مەترسی  لەسەر ژیانی مرۆڤ

هەبوونی قەیرانی دارایی کە لە پێشدا ئاماژەی پێدرا بوو بووەتە هۆکاری کەمبوونەوەی چاودێری تەندروستی و دەرمانی باش لە هەرێمی کوردستان دا. دوابەدوای گەمارۆی سەر فرۆکەخانەکان, هاوڵاتیانی ئاسایی، ئاوارە و پەنابەران، و ئەو پێشمەرگانەش کە لە بارودۆخێکی لەناکاو و ئاڵۆزی تەندروستی دان و پێویستیان بە چاودێری تایبەت هەیە لە دەرەوەی وڵات تووشی زەحمەتی دەبنەوە.

بۆ نموونە تاکو ئێستا (٣،٦٠٠) تووشبوو بە نەخۆشی تالاسیمیا هەیە کە پێویستییەکی زۆریان بە دەرمانە، بارودۆخیان نەخوازراوە لەوەتەی بەغدا بڕیاریداوە بەشی دەرمانی هەرێمی کوردستان نەنێرێت. لەو (٣،٦٠٠) نەخۆشە تەنها (٢١١) توانای گەشت کردنیان بۆ دەرەوە هەبووە بە مەبەستی بەدەستهێنانی چارەسەری پێویست، و (١٥) لە نەخۆشکان گیانیان لە دەست داوە بەهۆی کەمی دەرمان و چاودێری پزیشکی.

هێزەکانی پێشمەرگە وەکو یەکەم هێزی کاریگەر لە شەڕی دژ بە داعش ستایش کران و ڕۆڵیان بەرز دانرا، بەهۆی ئازایەتی و قوربانیەکانیان لە بەرگری کردن لە جیهانی ئازاد لەبڕی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. پاراستن و ئاسایشیان بۆ نزیکەی (١٠) ملیۆن کەس دابین کرد بە درێژای ئەو ٣ ساڵەی لە شەڕ دابوون لەگەڵ تیرۆرستانی داعش. بە سەرکەوتووانە توانیان خاک و خەڵکی کوردستان بپارێزن و ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن لە ئازادکردنی بەشەکانی تری خاکی عێراقیش لە دەستی داعش.  جگە لەوە، هێزەکانی پێشمەرگە ئەرکی پاراستنی ئاوارەکانیان خستە ئەستۆ و ڕێگای سەلامەتیان بۆ  دابین کردن بۆ ئەووەی بگەنە کەمپەکان لە هەرێمی کوردستان و تەواوی عێراق.

لەشەڕی دژ بە داعش دا، ***(١،٨٢٤) پێشمەرگە قوربانییان بە گیانی خۆیاندا و شەهید بوون و (١٠،٥٤٠) پێشمەرگەش بریندار بوون و (٦٢)شیان تا ئێستا بێ سەروشوێنن.***

ئێستا، هەر ئەو پاڵەوان و بەرگریکارانەی مافی مرۆڤ قەدەغە کراون لە گەشت کردن بۆ وەرگرتنی چارەسەری پێویست بۆ پاراستنی ژیانیان. زۆر ئازاربەخشە بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان کاتێک کە ئەو پێشمەرگانەی لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی داعش دا بریندار بوون و بە بێ چاودێری تەندروستی ماونەتەوە بەهۆی گەمارۆی گەشتە نێودەوڵەتیەکانەوە.

ئەم خشتەیەی خوارەوە ژمارەی ئەو پێشمەرگە برینداارنە دەخاتەڕوو کە ڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەی گەمارۆیی سەر گەشتی سەر فرۆکەخانەکان و پێویستیان بە چارەسەر و چاودێری بە پەلە هەیە لە دەرەوەی وڵات:

| کۆی گشتی ژمارەی پێشمەرگە بریندارەکان کە کاریگەربوونە بەهۆی گەمارۆی سەر فرۆکەخانەکانی هەرێم | |
|---|---|
| ژمارەی ئەو پێشمەرگە بریندارانەی کە پێویستیان بە چارەسەری پزیشکی هەیە لە دەرەوەی وڵات و لە بارێکی تەندروستی تایبەت دان و برینداریی وایان هەیە کە ناتوانێت ئەوەندە لە ڕێگا بمێنن و بڕۆن بۆ بەغدا بە مەبەستی چوونە دەرەوەی وڵات بۆ وەرگرتنی چارەسەر. | ١٢٠ |
| ژمارەی ئەو پێشمەرگە بریندارانەی کە لە دەرەوە چارەسەریان وەرگرتووە و ئێستا پێویستیان بە سەردانی کردنەوە هەیە بۆ پێداچوونەوە و چاودێری کردن و چارەسەری بەردەوام بەڵام ئێستا ناتوان چاودێری پێویست وەربگرن کە پێویستە هەموو دوو/سێ مانگ جارێک سەردانی دکتۆر بکەن لە دەرەوە. | ١،٢٠٠ |
| کۆی گشتی | ١،٣٢٠ |

## ٥. کاریگەرییە مرۆییەکان: سەختتر کردنی بارودۆخی ئاوارە و پەنابەران:

کاریگەری لەسەر چالاکییە مرۆییەکان نیشانەی لەبەرچاونەگرتنی کاریگەرییەکانی ڕاگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکانە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە، نەک تەنیا لەسەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئەو یەک ملیۆن و نیو ئاوارەی عێراقی و پەنابەری سوورییەش کە لە هەرێمی کوردستان دەژین و لە نێوانیان دا ئەو هەزاران خێزانەش کە ڕۆژانە پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی هەیە لە ناوچە ئازادکراوەکان.

لەپاڵ ئەمەش هەزاران خێزان هەن کا ناتوانن بگەڕێنەوە لای کەس وکاریان لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی یەکگرتنەوەی خێزانەکان لە دەرەوەی وڵات وە ئەمانیش ناتوانن سەردانی کەس و کاریان بکەن لە هەرێمی کوردستان. هەندێک لەو نموونانەی کە کاریگەریە خراپەکان نیشان دەدات لەسەر بواری مرۆیی:

١. ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکان نیگەرانی و گلەیی خۆیان دەربڕی لە کاریگەری ڕاگرتنی گەشتەکان لەسەر هاتوچۆی کارمەندەکانیان و گواستنەوەی کەلوپەلە مرۆییەکان. ڕاگرتنەکە کاریگەری دیکەی هەبووە لەسەر ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکان بۆ بەدەنگەوەچوونی پێداویستییەکانی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە و پەنابەر کە خۆیان لە بارودۆخێکی سەخت دا دەژین. لەڕاستیدا بووەتە هۆی ڕاگرتنی هاوکارییە سەرەتاییەکانی ژیانی هەزاران خێزان نەک تەنها لە هەرێمی کوردستان بگرە لە پارێزگاکانی دراوسێی هەرێمی کوردستانیش کە لە دەستی داعش ئازاد کراون، لەناویشیاندا موسڵ. بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ئەوە زەرورەتێک و واجبێکە کە حکومەتی عێراق قەدەغە کردنەکە لەسەر گەشتە نێودەوڵەتیەکان هەڵبگرێت. پێویستە ئەوەش بوترێت کە زۆربەی هاوکارییە مرۆییەکان لەڕێگای کۆمپانیاکانی بارەوە بار دێنە هەرێمی کوردستان و لە پاش ڕاگرتنی گەشتەکان زۆربەی کۆمپانیاکان ناتوانن کارەکانیان ئەنجام

بدەن. ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکان لەڕووی داراییەوە لە بارێکی وادا نین کە بتوانن پارەی گەشتی تایبەت بە بارەکان بدەن.

٢. بە خەمڵێندراوی نزیکی (٢٠،٠٠٠) کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان کاریگەر بوون، زۆرینەیان لە بواری مرۆیی کاردەکەن و لە لایەن ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دامەزراون بۆ بەڕێوەبردن و ئەنجامدان و گەیاندنی هاوکاری مرۆیی بۆ ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان و گەڕاوەکان و ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتییە لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان. لە ژێر کاریگەری ڕاگرتنی گەشتەکان، زۆرینەی کارمەندەکان ناچاربوون کە یان پێش داخستنی فڕۆکەخانەکان بگەڕێنەوە یان باج بدەن بە فڕۆکەخانەی بەغدا لە کاتی دەرچوونیان. زۆریان ناتوانن بگەڕێنەوە بەهۆی زۆری ماوەی تەواوکردنی پرۆسەی پێدانی فیزا یان هەندێك جار بە ئەنقەست ڕەتکردنەوەی پێدانی فیزا لەلایەن باڵیۆزخانەکانی عێراق لە دەرەوە.

٣. کۆمەکی مرۆیی بۆ عێراق سنووردارە و ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانیش خەرجی تێچوونی کاروباری مرۆیی زیاتر دەکات ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئەو یارمەتییانەی بۆ ئەوکەس و خێزانانە دەچێت کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە. بۆیەش ڕاگرتنی گەشتەکان خەرجییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر حکومەتەکانی دەرەوە زیاد کرد و ئەوەی زیاتریش جێگای نیگەرانییە کە بڕیارەکە کاریگەری دەبێت لەسەر خەڵکی لێقەوماو و خێزانەکان کە پێویستیان بە یارمەتییە تاکو پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان دابین بکەن.

٤. یەکێکی تر لە کاریگەرییە مرۆییەکانی ئەوەیە کە ئاوارە عێراقییەکان و پەنابەرانی سووری کە لە ڕەوشێکی تەندروستی خراپدان، ناتوانن دەستیان بگات بە دەرمانی پێویست نە لە هەرێمی کوردستان و نە لە دەرەوە. گەیشتنی پێداویستی دەرمان بۆ هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر کەمی کردووە و سەفەرکردنیش بۆ دەرەوە خەرجییەکەی زیاتر و زەحمەت تر بووە بۆیەش زۆر ئەستەمە بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵك.

ئەم خشتەیەی خوارەوە کەمبوونەوەی قەبارەی یارمەتییە مرۆییەکان پیشان دەدات کە پێش و دوای ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان گەیشتوونەتە هەرێمی کوردستان:

| بەروار | قەبارە بە تۆن | جۆری هاوکارییە مرۆییەکان |
| --- | --- | --- |
| کانوونی دووەم | ٨٢٠ | تەندروستی و کەلوپەلی ناخۆراکی |
| شوبات | ٩٥٤ | تەندروستی و کەلوپەلی ناخۆراکی |
| ئازار | ٧٢١ | تەندروستی و کەلوپەلی ناخۆراکی |
| نیسان | ١٥٨ | تەندروستی و خواردنی وشك و کەلوپەلی ناخۆراکی |
| مایس | ١١٣ | تەندروستی و کەلوپەلی ناخۆراکی |
| حوزەیران | ١٦١ | تەندروستی و کەلوپەلی ناخۆراکی |
| تەمموز | ٩٧ | تەندروستی و خواردنی وشك و کەلوپەلی ناخۆراکی |
| ئاب | ٥٢ | تەندروستی و کەلوپەلی ناخۆراکی |
| ئەیلول | ٢١٩ | تەندروستی و کەلوپەلی ناخۆراکی |
| تشرینی یەکەم | ٢ | تەندروستی و کەلوپەلی ناخۆراکی |
| تشرینی دووەم | سفر | هیچ |
| کانوونی یەکەم | سفر | هیچ |

## ٦. کاریگەری لەسەر گەشتیارە بیانییەکان

فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان هەستێکی بەنرخی ئازادی و ئاسایشیان بەخشیوەتە گەشتیارە ناوخۆیی و بیانییەکان. فڕۆکەخانەکان هەرێمی کوردستانیان گۆڕیوە بە دەروازەیەکی ئاسایش بۆ هاتن و چوون بۆ عێراق و دەرەوەی وڵات بۆ گەشتیارەکانی کەرتی تایبەت و کەرتی بازرگانی هەروەها کارمەندان و بەرپرسانی حکومی، بەتایبەتی کاتێک ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش خاکێکی زۆری لە هەرسی پارێزگای نەینەوا و ئەنبار و سالاحەدین داگیر کرد.

نمونەیەکی زیندوو، ئەو ۲۰۰۰ قوتابییەن کە لە دەرەوەی وڵات خوێندنیان تەواو دەکەن و داخستنی فڕۆکەخانەکان ڕاستەوخۆ کاریان لێدەکات کە بەهۆیانەوە نرخ و کاتی سەفەر کردن زیادی کردووە. زۆرێک لەو قوتابیانە ناچار بوون بەرنامەی خوێندنیان بگۆڕن بەهۆی ڕووبەڕوونەوەی ئەو تەحەدییە مەحاڵە لە سەفەر کردن بۆ ناوە و دەرەوەی وڵات.

ئەو ئاستی سەلامەتی و ئاسایشەی لە هەرێم دا بەدی هاتبوو وای لە گەشتیارە بیانییەکان کردبوو کە لەڕێی فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانییەوە بێنە ناو عێراق و بڕۆنەوە، بەڵام قەدەغەکردنی گەشتە ئاسمانییەکان و سنووردارکردنیان بۆ تەنیا گەشتی ناوخۆیی، گەشتیارە بیانییەکانی لەو هەستی متمانە و ئاسایشە بێبەری کرد. سەرەڕای ئەوەش، ڕاپۆرتەکان ئەوە دەردەخەن کە حاڵەتی توندوتیژی کەسیی هەبووە دژ بەو گەشتیارانەی لە فڕۆکەخانەی بەغداوە گەشت دەکەن. ئەمەش بارودۆخەکەی بۆ گەشتیاران زیاتر قورس کردووە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی ئەو گەشتیارانەی ناچار بوون بەڕێی وشکانیدا بۆ تورکیا سەفەر بکەن، لەوێشەوە بۆ گەیشتن بە گەشتە ئاسمانییە نێودەوڵەتییەکان.

تا کۆتایی کانونی یەکەمی ۲۰۱۷، زیاتر لە (۱,۵۰۰) گەشتی ئاسمانیی ڕاگیراون. ژمارەی گەشتیارە نێودەوڵەتییەکان لەڕێی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە کەم بووەتەوە بەڕێژەی (۵۰۰۰) گەشتیار لە ڕۆژێکدا. ئەوەی جێی نیگەرانییە ئەوەیە کە زۆرێک لە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ناتوانن لەڕێی فڕۆکەخانەی بەغداوە سەفەر بکەن بەهۆی قەدەغەکردنیانەوە و هەندێکی تریش بەهۆی ترسیان لە سەلامەتی و کەرامەتی خۆیان. زۆر لە هاوڵاتیانی ئاسایی ناتوانن بۆ دەرەوڵات گەشت بکەن بەمەبەستی چارەسەری پزیشکی و کارمەندە مرۆییە بیانییەکان ئێرە جێدێڵن و زیاتر هاوکارییە مرۆییەکان بۆ ئاوارە و پەنابەران دەخەنە مەترسییەوە. نیگەرانیی و ترسێکی جدیی هەیە لەوەی کە ئەو گەشتیارە بیانییانەی مۆڵەتی نشینگەی هەرێمی کوردستانیان هەیە و لەڕێی فڕۆکەخانەی بەغداوە سەفەر دەکەن، ڤیزایان پێنەدرێت بۆ گەڕانەوە و بڕی (٤٥٠ دۆلاری ئەمریکی)یان پێ دەبژێردرێت کاتێک دەچنە دەرەوەی عێراق و لەڕێی فڕۆکەخانەی بەغداوە و هیچ ئاماژەیەك نییە کە ئەو بڕە لە ساڵی ۲۰۱۸دا کەم بکرێتەوە.

## ٧. کۆتایی

شارەزایانی دەستووری جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان پێشێلکاری ئاشکرای دەستووری عێراقە لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵەوە. بەگوێرەی مادەی (١١٠)ی دەستوور، بەڕێوەبردن و ئیدارەدان و کارپێکردنی فڕۆکەخانەکان دەسەڵاتی تایبەتی حکومەتی فیدراڵی نیە. هەروەها مادەی (١١٥) ئاماژە دەکات بەوەی کە *"هەرشتێك لە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدرالیدا ئاماژەی پێنەکرابێت، ئەوە دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکان و پارێزگاکان"*. لەگەڵ ئەوەشدا، فەرمانگەکانی نشینگە و کۆنترۆڵی پاسپۆرت و کۆنترۆڵی هاتووچۆی ئاسمانی هەموویان فەرمانبەرانیان سەر بە حکومەتی فیدراڵن و یاسا و ڕێنماییەکانی جێبەجێ دەکەن و ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی دان. هەربۆیەش ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان هیچ بنەماییەکی دەستووری نیە بەڵکو بە پێچەوانەوە بەڵگەیەکی ڕوونی پێشێلکردنی دەستوورە.

ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان پێشێلکاری مادەی ٩ی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی فڕۆکەوانی شیکاگۆی ١٩٤٤ دەکات. ئەمەش گەواهی ئەوەیە کە گەمارۆی گەشتە ئاسمانییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراق سیاسییە نەك دەستووری. ئەم کارە هەوڵێکە بۆ نەهێلانی سەقامگیری و زیان گەیاندن بە ئابووری هەرێم لە ڕێگەی دابڕینی لە جیهانی دەرەوە. لێدان لە ئابووری هەرێمی کوردستان و کەمکردنەوەی کاری مرۆیی و دیبلۆماسی نێودەوڵەتی و دەرکردنی کۆمپانیا جیهانییەکان و سڕکردنی وەبەرهێنانی دەرەکی و ئەو ڕێکارانەی تریش کە گیراونەتەبەر بەبێ گوێدانە ئەو زیانانەی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان دەکەوێت لەنێوانیشیاندا ئاوارە و پەنابەران و ئەو بیانییانەی لە هەرێمی کوردستان دەژین.

ڕاگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکان تەنها سزادانێکی بەکۆمەڵە لەلایەن حکومەتی فیدرال لە دژی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی مافێکی دیموکراتی خۆی بەرجەستە کردووە بۆ دەربڕینی دەنگ و ڕای خۆی. ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هاوڵاتییان دروستکردووە نەك لەسەر سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان وەك بەرپرسانی عێراق بەردەوام بانگەشەی بۆ دەکەن.

جێی باسە کە لەکاتی ئێستا دا هێلی فڕۆکەوانی عێراق بەردەوامە لە گەشتە ناوخۆییەکانی لە هەردوو فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و بەسرا. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە فڕۆکەخانەکان ئەمن و ئارامن و بەتەواوی کاردەکەن.

لە کۆتاییدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی بەکاربردن بۆ هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی تەرخان دەکات، هەردوو فڕۆکەخانەکە لەلایەن حکومەتی هەرێم کاری پێدەکرێت و بەڕێوەدەبرێت کە خەرجییەکانی ئاسایش و کارپێکردنی لەخۆ دەگرێت لەکاتێکدا خەرجی کارپێکردن زیاترە لە داهاتەکان لە هەردوو فڕۆکەخانە.